# ملهوڕی

جەمال شەریف
Jamal_akar@hotmail.com

دیسانەوە گەواڵەی هەوری ڕەش باڵی بەسەر شارەکە مانداکێشا و تاریکی خزاندە هەمو کوچە و کۆڵانە کانی ... دیسانەوە گەردەلولە و تەپوتۆزی هەڵگرتووە و ڕۆی کردە چاوە گەشە کانی دانیشتوانی شارەکەم ، بەجۆرێ بەری چاوی گرتین ڕێگای دیمان نەبینیەوە . دیسانەوە بانگەوازی چەواشاکەر لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ، لە بڵندگۆی ڕادیۆکانەوە ، لەشاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە ، گرماندی...گرمەیەکی هێند قایم بوو کاسی کردین ... کاسکردنێکی وەهابوو هیچی دیمان نەبیست...دیسانەوە لۆزە نگەری دەسەڵات هاتەوە و دەرگای عەمبارەکانی خڕ لێداخستین و بەهێواشی بەگوێماندا چرپاندی « گەر ئەتانەوێ لەچنگ دێوەزمەی برسێتی ڕزگارتانبێ ، وەرن پەنجەی شایەتومانتانم بۆ بەرزبکەنەوە و بەدەستیراست بەپەناملی چەپتاندابکێشن و پڕبەگەروتان هاواربکەن (ئەشهەدو پاشا دڵی بۆ برسیەکان ئەسوتێ ودیموکراسی بەسەر خەڵکدا ئەبارێنێ) ». ...دیسانەوە دەرهێنەری فلیمی کۆمیدی ئەمجارە ئێمەی پاڵەوانی فلیمەکەی لەسەر عەرشی پاشایەتی دانا و تاجی گوڵینی وەسەرناین . بەجۆرێ لەناو دەورەکەماندا تواوبوینەوە ، وامان هەست ئەکرد بەڕاستی سەرەوەری خۆمانین و یاسا و سیستەمی ژیانی خۆمان دائەڕێژین . کەدوا دیمەنی فلیمەکەی تۆمار کرد بەدەم قاقای پێکەنینەوە ووتی « فلیمێکی سەرکەوتووە ، پێم وایە لە ڤیستیڤاڵی سیاسی کۆشکی سپی خەڵاتی یەکەم ئەپچرێ ».

کەمنداڵ بووم...لەبیرمدێ ڕۆژێکی پایزی پێش خۆرئاوابونی گوندەکەم ، باوکی من و مام ڕۆستەم ی باوکی حەمە و مەلای دێ ، لەناو هۆڵی گەورەی مزگەوتەکە ، لەنزیك میحرابە پیرۆزەکە ، لەکۆبونەوە یەکی نیوکاتژمێری ادا ، بڕیاریان دا ، (نەسرین) ی خوشکم و (حەمە) ی بێ ئاگا لەم کەینوبەینە ، وەك ژن و مێرد تا کۆتایی تەمەنیان پێکەوە شوکری خوابکەن . نازانم ، پاشای شارەکە م لە باوکمەوە فێربووە یان پاشا باوکمی فێرکردووە ، کەبە ملهوڕی ببنە وەکیلی کەسانی دیکە و لەباتی خۆیان بڕیاری چارەنوسسازبدەن! ! ! یان پێ دەچێ مەلای مزگەوت هەردووکیانی وا بار هێنابێ! ! !.

ئەم بڕیارە سەپێنراوەی دەرچوی مینبەری مزگەوتەکەمان ، برینێکی لەسەر پەردەی هەستونەستی ئێمە و نەسرین و حەمە ی بوکوزاوا نەخشاندووە ، ئەکرا ئەم برینە سارێژبکرێ ، بەڵام سەد مەخابن ... چەندەهاجار لە بۆنە جیاوازەکاندا و لە شوێن و کاتە جیاجیاکاندا قەتماغەی ئەم برینە کۆنەمان دوژمنکارانەتر هەڵئەدەنەوە ، جار لە دوای جار برینەکەمان گەورەتر و کاریگەرتر بووە .

کە پاشای شارەکەم لە کۆشکی پاشای ئەنفەرەوە فتوائەدا « هەرکەس کڕنوش بۆ خاوەن شکۆی ئەنقەرە نەبات ، تاوانبارە » و کە دێتەوە خەڵکی شارەکەم ڕاپێچی شەڕی فتواکەی دەکا . ئەمە هەمان برینە کۆنەکەمانە و دێتەوە خوێن .

کاتێك پاشای شارەکەم بۆ خزمەتی ئێمامی ئومەت ، لە تارانەوە دەستی عەمامە بەسەرەکان ئەگرێ ، تا ناوچەرگەی شارەکەم و ترووسکەی ڕوناکایی تیرۆرئەکەن ، بۆ گەرموگوڕ هێشتنەوەی دۆستایەتی ، هەموو ساڵێ لەساڵرۆژی مردنیدا شین و شەپۆڕ بەرێ ئەخا و نمونەی مزگەوتەکانیان ئەهینی و لە سەرسنگی شارەکەم و لە جێگای قوتابخانەکان دای ئەکوتێ . تاڵاو بە هەناوماندا ئەکت .

کاتێ خەڵکی شارەکەم هاواریان کرد « دەبا ئیتر یاساکانی تاوانباری ئەنفال و کیمیاباران و دیکتاتۆری سەردەمی دانیشتوی بەغداد وەلانێین و یاسایەکی مرۆڤانە پەسەند بکەین » . پاشای شارم زۆر تورە بوو ، دەمار گرتی ، خوێنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕشتین . پڕ بەم شارە هاواری کرد « ئەی بیرتان چوو لەبەهاری 1991 دا ، کاتێ خەڵکی شارەکەمان لە ( حەکەم و ئەندازیاری ئۆتۆنۆمی ) زویر بون و شاریان جۆڵکرد ، بانگی کردم بۆ کۆشکە دڵگیرەکەی خۆی و ڕومەتی ئاڵی بۆڕاگرتم ماچی بکەم ! ! . لە بیرتان چوو 31 ی ئابی 1996، منی پاشا تەنگانەم بوو ، وەك دڵسۆزی خۆم بە فریام کەوت ! ! » .

گەردەلولە . . . گەردەلول ، ئیستاش هەمان گەردەلولە و هەمان خۆڵی بۆ چاوەکانی خەڵکی شارەکەم پێیە ، کە کوێری کردین و بێئاگا ساڵەهای ساڵ شەری ناوخۆی بن بەردەکانی شاخ و کۆڵانەکانی شاری پێکردین . جەرگی بریندارى چەندەها دایکی شارەکەمانیان دووبارە و چەند بارە پێ لەتکردین ، چاوی چەندەها منداڵی شارەکەمانیان بە ئارەزوی بینینەوەی باوکیان بۆ هەمو تەمەنیان بە چاوەڕوانی پێ جێهێشتین .

هەمان ئەم گەردەلولە بوو ، ئەمجارەیان میکرۆبی کوشندەی هەڵگرتبو خۆیکرد بەگەروی ناسکی شوراکانی خەڵکی شارەکەم دا و لە پەلوپۆی خست .

وا دیمەنی مینبەرە پیرۆزەکەی هۆڵی گەورەی مزگەوتەکەی گوندەکەمان ، ئەمجارەیان لەتاران و لە کۆشکە ڕازاوەکەی پەهلەویدا ، لە ساڵی 1974 ی زاینیدا ، دەبینمەوە . لەوکاتەیدا دانیشتوانی شارەکەم هێزی وەبەر خۆی ناوە و ئەگەرێکی گۆرانکاری لەم ناوچەیە پێکهێناوە ، نایارانی ئەم ئەگەرە بە هاوکاری پاشای شارم ، لە کۆبونەوەیەکی نهێنیدا لە ژێر ئاڵای ئەمریکادا ، لەوکۆشکەدڵگیرەی ڕەزاشای پەهلەویدا ، بریاری ئاشبەتاڵیان دا ، پەیامی تەسلیمبون و نائومێدییان بۆ شارەکەمان هێنا .

14 سەدە لەمەوبەربوو قوتابیانی کۆلیژی تیرۆر ، دەرچوانی زانکۆی ئەشکەوتی ( حەرا ) ، بە شمشێرەکانی دەستیان لافاوی خوێنیان ئالەم شارەمدا بەرێخست و بۆ یەکەم جار بوینە پاشگر . لەوکاتەوە چەند ئەمیرە بەدینەکان ، خەلیفە و مەلیکەکان ، سەرۆك و فەرماندەکان ، یەك لە دوای یەك ، بەهەرەشە و زەبروزەنگ و کوشتاری جینۆساید . هەمان چارەنوسیان بە باڵاماندا بریوە . چەندساڵێکە دەستی ئەم جەنابانە هێندە کورتە بە دامێنی شارەکەمان ناگات . بەڵام ، هاوار ، هۆ خەڵکینە . وا ئەمجارە پاشای شارم هاتو باڵای شاری کورت کردەوە . . . کورت کردەوە . . . تا بتوانێ بۆ ژێر دەستی ئەم نەجیب زادانەی بخزێنێ . ڕونتر بڵێم ، هەست و نەستی دانیشتوانی شارەکەمی تا ئەم ڕادەیە نزم نرخاند ، گۆچانی فەرمان ڕەوایی شاری بەو خۆشەویستانەی خۆی سپارد . بەڵێ ، وابوو لە ژێر گوشاری ناوخۆو دەرەوەی سنوری شارەکەمدا ، ناچار کرا مل بەڕاپرسی گشتی بدا . بۆیە هاتو پرسیارێکی لەبەردەمی هەموو دانا « ئەتانەوێ بە ئازادی وسەرفرازی لە سنوری شارەکەدا ، لە چوار چێوەی یاسایەکی ئینسانیدا ، دوور لە ژێر دەستەیی دین و نەتەوەکانی دیکەدا . هەناسەی قوڵ هەڵمژن و باڵی خۆتان ڕاوەشێنن ! » . ئالەویدا ئاشکرابوو کە ئەم خەڵکە خێرنەدیوە ، چەندە تامەزرۆی ئازاد بونە لەژێر چەپۆکی نەتەوە و ژەنگی مەزهەب . بەڵام پاشای خاوەن شکۆ ئەم وەڵامە ئاشکرایە کەوەك ڕۆژی ڕون بەئاسمانی حەزو ئارەزوی ناخی خەڵکی شارەکەمەوە ئەدرەوشایەوە ، کردە مۆرێکێ چوار گۆشە و دای ل دامێنی هەمان بەڵێننامەی پیشو ، کە خەڵکی شارم ئەباتەوە بۆ قۆناغی سەدەکانی ڕابردوو .

هاوار . . . هاوار . . . وا ئەمجارە پاشاکەمان شاری کردەوە پاشگر و برابچوکی دانیشتوانەکەی ئیمزا ئەکا . ئەوەتانێ لە بڵنگۆی ڕادیۆکان و لە مینبەری مزگەوتەکانەوە لەرۆژنامەی لاپەڕە زەرد و سەوزەکانەوە پەیتا پەیتا پەیامی چەواشەکەرانە ئەبەخشنەوە ، پێمان ئەڵێن « بەرژەوەندی نەتەوەمان وائەخوازێ عێراق بنیات بنێینەوە ، ئەم عێراقە خۆشەویستەی ئەمجارەیان زۆر جیاوازە وڕێگانادەین وەك پێشوبێ . ئەمجارەیان هەم عێراقی نەتەوەی وهەم سەرەك هۆزو پیاو ماقولانی ڕۆڵی کاریگەریان ئەبێ . یاسای ئسلامی ئەمجارە ئەوەی پێشو نابێتەوە ، بەتەنها سونی مەزهەب یاسا دانارێژێتەوە ، جێگاورێگای پر متمانە و شیاوی خۆی بە برا شیعەکانیش ئەدرێتەوە . بۆیە فریوی خوا نەناسەکان نەخۆن و لەوبڤەیە خۆپارێزن ، وەرن لە چوارچێوەی عێراقێکی نەتەوەی و عەشیرەتی ، لەژێر سایەی ئسلامێکی هەم سوننەی و هەم شیعەتی ،ئارام بگرن . . . تا ئینشائەڵا ئاغای گەورە لە ئەمریکا چاوی خێری لێمان ئەبێ و پاداشتی چاکەمان ئەداتەوە » .

هۆ خەڵکی دڵ بریندارى شارە خوێناویەکەم ، خەباتکارانی ڕەنج بەبادراوی شارەکەم ، ساڵەهایە ڕەنج ئەدەین و پاشامان بەفیڕۆی ئەدا . ماندوانی هەمیشە برسی ( ئەگەر بەشوێن کار پەیداکردنەوە ماندوین یان بەدەست کاری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاقەت پڕوکێنەوە قامەتمان کۆم بۆتەوە ) . دانیشتوانی ئەمشارەی چەکی کیمیاوی و ڕەوشتی ئەنفالی تێدا تاقیکرایەوە . شارەکەمان سەدەها ساڵە بۆتە نمایشگای جۆرەها ملهوڕی .

سەرنج بدەین ، ملهوری برا بەسەر خوشکەکەیدا ، باوك بەسەر منداڵدا ، پیاو بەسەر ژندا ، مامۆستا بەسەر قوتابیدا ،بەڕێوەبەر بەسەر فەرمانبەردا ، لێپرسراو بەسەر گەڕەکدا ، بەهێز بەسەر بێهێزدا ، پاشا بەسەر شارەکەمدا ، ملهوڕی کۆکتێلێکی نەتەوە و دین بەسەر سەری عێراقەوە ، ملهوڕی تێرۆریزمی ئیسلامی بەسەر وولآتانی ناوچەکەدا ، پرۆسەی ملهوڕی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەپاندنی بەسەر گۆی زەویدا ، کە هێزی خۆی لە یەکە یەکەی ئەو ملهوریانەی سەرەوە وەر ئەگرێ .

ئەم جۆرەها ملهوڕیە ، ئەگەر بەریان پێ نەگیرێ ، ئەوا سیمای ئینسانی بون لەتابلۆی ژیانماندا ئەسڕێتەوە وسروشتی یاسای جەنگەڵیمان بۆ ئەنەخشێنێ . بۆیە پێویستی بە وەدەنگ هاتنی هەمو خاوەن هەستە ئینسانیەکان هەیە بۆ بنبڕکردنی هەموو ملهوڕییەکان و بەدەستهێنانی یاسایەکی ئینسانیتر ودونیایەکی باشتر .

12 . 3 . 2005.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com